# سینەمای دڵشاد، یادێك لە جاران



هاوڕێ باخەوان
لاهای - هۆڵندا

دەڵێن بیری منداڵیی تیژە، رووداو و خاتیرەکانی هەردەم بەدواتەوەیە. یەکێك لەو یادگاریانەی جاران کە هەردەم لە هەست و نەستمدایە، ( سینەمای دڵشاد) ی شاری سلێمانییە. لەو بڕوایەشدام زۆرێکی خەڵکی ئەو شارە هەر لە گوڵەبەڕۆژە فرۆشێکی بەردەگاکەی و بلیت فرۆش و تەنانەت خاوەن و هاتوچۆکەرانیشی، هەریەکە و بەشێوەیەك لە هەست و نەستیاندا مابێتەوە. ئەوەی من زۆرتر بەهۆی رەوانشادی باوکمەوەیە، کە لە کۆتایی شەستەکاندا سینەماکەی دروستکردووە.

تەمەنم هەر سێ چوارساڵێك دەبوو، وەك خەو بیرم دێت کە لە پاش یەکێك لە جەژنە ئیسلامییەکانەوە، باوکم رۆژێك چەند توورەکەیەك پارەی وردەی هێنایەوە بۆماڵەوە! پێموابێت ساڵی 1969 یان 1970 بوو، من نەمدەزانی ئەم هەموو پارە وردەیە چییە؟! . منداڵ ئەو کاتە هەر جەژنان پارەی زۆری بەخۆیەوە دەبینی، کەچی من پاش جەژن ئەو هەموو پارەیەم لەبەردەستدا بوو! . توورەکەکان ئەوەندە قورس بوون! زۆر چاکم بیرە کە بەهەردوو دەست یەکێکیانم بۆ بەرز نەدەکرایەوە! . باوکم پارەکانی جوودادەکردەوە و منیش بەحیسابی خۆم یارمەتیم دەدا! لێ ئەوەی من تەنها یاریکردن بوو و لە هەر



دووا پیشاندانی فیلم لەسەر کەلاوەکانی سینەما دڵشاد - وێنەی رەحمان غەریب



ڕەوانشادی باوکم (وەستا قادر ڕەسوڵ) لەکاتی دانانی کاشیی سینەمای دڵشاد

جۆرێکی پارەکە تاوەرێکم دروست دەکرد، سەد فلسی، پەنجایی، بیستوپێنجی و هتد. بۆ من زۆر شتێکی سەیر و خۆش بوو و نەمدەزانی ئەو هەموو پارەیە چییە، بەتایبەتی کە لەو سەردەمەدا ڕۆژانەکەم وەکو هەر منداڵێکی تر پێنج فلس بوو. پاشتر کە گەورە بووم، ئەو خەونەم هەر لەیادمابوو، وەڵامەکەشی ئەوەبوو، کە باوکم بەڵێندەری سینەماکە بوو، هەروەها وەك وەستاش کاری تێداکردبوو، ئەو پارەیەی کە هێنایە ماڵەوە هی ئەوە بوو، کە یەك جەژن سینەماکە بۆ باوکم کاری کردبوو، تاوەکو ئەو مافەی کەلای خاوەن سینەماکە بووە بیداتەوە بە باوکم.

بێجگە لەو یادگارییەم، زۆرجاریش لەگەڵ دایکم و باوکمدا شەوانە دەچووینە ئەو سینەمایە، زۆرچاك فیلمی سەنگام لەبیره. هەندێك جاریش لەگەڵ باوکمدا عەسران دەچووین بۆ هەمان سینەما. جاری وا هەبوو ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، ئەوەی بلیتێکی دەستبکەوتایە بە ئاوەڕووتکراوی دەهاتە دەرەوە. کەس ڕیزی نەدەگرت، بەهێز هەموو کاتێك زووتر بلیتەکەی بەردەکەوت. بەڵام گەر من لەگەڵ باوکمدا بوومایە، خۆشبەختانە ئەو کێشەیەم نەبوو، چونکە هەموویان باوکمیان دەناسی و بە سلاوێك دەچووینە نهۆمی سەرەوە و لەیەکێك لە لۆچەکاندا دادەنیشتین. لە پشووەکانیشدا دەچووینە لای (کاك عەلی) کە فیلمەکانی کارپێدەکرد و لەوێ دەمبینی کە چۆن بەکەرەکان هەڵدەکاتەوە و نیوەکەی تری ئامادە دەکات.

جەژنانیش لەگەڵ کوڕی گەڕەك، هەرچی چۆنێك بێت بلیتمان وەدەست دەخست و دەچووینە فیلمی هەفت پاڵەوانە و شارلی شاپلن و زۆریتر.

بەداخێکی زۆرەوە هەموو ئەو یادگاریانەی من و زۆری تری خەڵکی شاری سلێمانی بووە ژێر کەوچکی شەفەڵەکانەوە و سینەماکە رووخا و لەجێیدا تەلارێکی بازرگانی دروست دەکەن. لەوەیاندا لۆمەی خاوەنەکەی ناکەم، چونکە لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا سینەما و هاموشۆکەرانی زۆر لەجاران کەمتر بوونە. شارەکەشم، ئەو شارەی هەندێك کەس پێی دەڵێن پایتەختی ڕووناکبیری، لە سێ سینەما، دڵشاد و ڕەشیدی ڕووخا و تەنها سینەمای سیروان ماوەتەوە، کە ئەویش زۆر هیلاکە و چارەنووسی دیار نییە! تۆ بڵێی ئەویش بڕووخێ و شاریش ببێتە ئەو پایتەختە ڕووناکبیرییەی کە سینەمای تێدا نییە!.